قائیمقامیەتی پارێزگای سلێمانی فرۆشتنی هەنگوینە ساختەکان قەدەغە دەکات

قائیمقامیەتی سلێمانی فرۆشتنی هەنگوینە ساختەکان قەدەغە دەکات و هۆشداری دا لە ئەگەری لەهەر شوێنێك دەستی بەسەردا بگیرێت شوێنەکە و خاوەنەکەشی رووبەڕووی ڕێکاری یاسایی دەکرێتەوە.

ئەندامێکی لیژنەی بای قائیمقامیەتی سلێمانی ئەمە پێنجشەممە ڕایگەیاند، "پاش بەدواداچون و پشکنین بە ئەو هەنگوینە دەستکردانەی لە بازاڕدا بە نرخی هەنگوینی سروشتی بە هاوڵاتیان دەفرۆشرێن، دەرکەوتووە شیاوی خواردن نین".

هیوا ساڵح، نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی لە لیژنە هاوبەشەکانی قائیمقامیەتی سلێمانی رایگەیاند: بەهۆی زۆربونی ئەو هەنگوینە ساختانەی لە بازاڕەکاندا بە نرخی هەنگوینی سروشتی بە هاوڵاتیان دەفرۆشرێن، بە فەرمانی قائیمقامی سلێمانی لیژنەکان بەدواداچونیان بە سەرجەم هەنگوینە دەستکردەکانی ناو بازاڕ کردوە و نمونەیان رەوانەی بەڕێوەبەرێتی خێپاراستنی تەندروستی کردوە بە پشکنین و دڵنیابونەوە لە جۆری ئەو بەرهەمە، وتیشی: یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی دروستکردنی هەنگوینی ساختە (شیلەی گلوکۆز)ـە، هەر بۆیەیە بەڕێوەبەرێتی خێپاراستنی تەندروستی سلێمانی لەگەڵ پشکنینی نمونەی

هەنگوینە ساختەکان، بەنوسراو قائیمقامیەتی سلەمانی لە ئەنجامی پشکنیینەکان ئاگادارکردەتەوە و ئاماژەی بە تایبەتمەندی ژمارە (1061)ـی ساڵی (1984)ـی عەراقی کردوە کە "بە دروستکردنی هەنگوین هیچ ماددەیەکی زیادکراو رەنگا پەدراو نییە، بەڵام ئەو جۆرە شیلە بە دروستکردنی جۆرەکانی شیرینی دیکە ئاساییە"، هەربۆیە بەشی زۆری ئەو هەنگوینەی لە دووکان و مارکەتەکان کە شیلەی کلوکەزی تێکەڵ کراوە بە خواردن شیاو نییەو رەنگە نادرۆت بفرۆشرۆت.